Institute for Research and Development-Kurdistan (IRDK)

ئەنستیتۆی توێژینەوە و گەشەپێدان ـ کوردستان

ڕاپۆرتی پەروەردە

نیسان

2016

# شیکاری ناوەڕۆکی کتێبی پەروەردەی ئیسلامیی قۆناغی بنەڕەتی

ئەم توێژینەوەیە بە مەبەستی شیکاری ناوەڕۆکی کتێبی پەروەردەی ئیسلامی لە قۆناغی بنەڕەتی (یەکەم تا نۆیەم) ئەنجامدراوە، بە سەرنجدان لە جۆری ئەو بابەتانەی لەو کتێبەدا دانراون و دووبارەبوونەوەیان لە پولە جیاوازەکاندا، کە بە گشتی خۆی لە نۆ بەرگ کتێب دا دەبینێتەوە. ئەو نۆ بەرگ کتێبە ١٧١ وانەیان لە خۆ گرتووە. کۆمەڵگای توێژینەوە هەر نۆ بەرگی کتێبی پەروەردەی ئیسلامیە، نموونەکەش هەمان ئەو کتێبانەن.

د. مراد حکیم
م. خەتاب عەزیز

info@irdk.org
+964 66 257 6001
Italian Village, Villa No. 8
Erbil Iraq
www.irdk.org

EDUCATION

# شیکاری ناوەڕۆکی کتێبی پەروەردەی ئیسلامیی قۆناغی بنەڕەتی

د. مراد حکیم

م. خەتاب عەزیز

**کورتە**

ئەم توێژینەوەیە بە مەبەستی شیکاری ناوەڕۆکی کتێبی پەروەردەی ئیسلامی لە قۆناغی بنەڕەتی (یەکەم تا نۆیەم) ئەنجامدراوە، بە سەرنجدان لە جۆری ئەو بابەتانەی لەو کتێبەدا دانراون و دووبارەبوونەوەیان لە پولە جیاوازەکاندا، کە بە گشتی خۆی لە نۆ بەرگ کتێب دا دەبینێتەوە. ئەو نۆ بەرگ کتێبە ١٧١ وانەیان لە خۆ گرتووە. کۆمەڵگای توێژینەوە هەر نۆ بەرگی کتێبی پەروەردەی ئیسلامیە، نموونەکەش هەمان ئەو کتێبانەن. ئەم توێژینەوەیە کە توێژینەوەیەکی وەسفییە لە جۆری چەندایەتی، بە میتۆدی شیکاری ناوەڕۆک ئەنجامدراوە. بابەتەکانی کتێبی پەروەردەی ئیسلامی پێکدێن لە باوەڕ، چیرۆکی ئایینی، پەرستن، بەها کۆمەڵایەتییەکان، ژیانی رۆژانە، ناوەکانی خوا، ژیان و ئاکاری پێغمبەر، سورەتەکانی قورئان ... ئەنجامەکان پیشاندەدەن کە هاوسەنگی لە نێوان بابەتەکاندا نییە. هەندێک لە بابەتەکان بایەخی زۆریان پێدراوە و هەندێک بابەت کەمتر بایەخیان پێدراوە و بابەتی ئاینیش هەیە کە هەر بایەخی پێ نەدراوە. ئەو بابەتانەی کە زۆر دووبارەبوونەتەوە بابەتەکانی پەیوەست بە باوەڕ، چیرۆکی ئایینی، ژیانی رۆژانە و بەها کۆمەڵایەتییەکانن.

**دەروازە**

لە زمانی ئینگلیزدا وشەی Curriculum لە بەرامبەر پرۆگرامەکانی خوێندن بەکاردێت کە بە مانای ڕێرەو دێت، واتا ڕێرەوێک کە مرۆڤ بیەوێت بە هۆییەوە بە ئامانجێک بگات. بۆ ناساندن و تێگەیشتن لە پرۆگرام چەند ئاراستەیەک هەن کە لە سەر بنەمای تێروانینە فەلسەفی و پەروەردەییە جۆراوجۆرەکان داڕێژراون.[1] لە دیارترینی دوو لەو ئاراستانەش ئەمانەن: ئاراستەی یەکەم کە کاریگەرە بە ئەدەبیاتی یۆنانی وا دەبینیت کە مەعریفە دەبێتە هۆی گۆرانی رەفتار. پالپشت بەم ئاراستەیە دەشێت پرۆگرامەکانی خوێندن وا پێناسە بکەین کە بریتیە لە کۆمەڵێک وانەی خوێندن کە پسپۆران دایدەڕێژن و ماموستایان جێبەجێی دەکەن و دەیڵێنەوە.[2] دەکرێ بڵێین چەمکی کلاسیکی پروگرامی خوێندن بریتییە لە کۆمەڵێک زانیاری، راستی، چەمک و بیرۆکە کە قوتابی لە شێوەی کەرەستەی خوێندن دەیانخوێنێت.[3] هەرچی ئاراستەی دووەمە کە بە ئاراستەیەکی مۆدێرن دادەنرێت وای دەبینێت پرۆگرامی خوێندن پیویستە جەخت لەسەر هەلوێستی فێرکاری بکاتەوە ئەمەش لەو روانگەیەوە کە میتۆدەکانی خوێندن شارەزایی و کارامەیی هەمە رەنگی پەروەردەیی پەیوەست بە

[1] جودت أحمد سعادة وعبدالله إبراهيم،المنهج المدرسي المعاصر، دار الفكر، الطبعة الثانية، عمان، الأردن،2004، ص12

[2] جودت أحمد سعادة وعبدالله إبراهيم، المصدر السابق، ص 12

[3] دياب، سهيل رزق (٢٠٠٦) ((تطوير اداة لقياس جودة الكتاب المدرسي و توضيفها في قياس جودة كتب المنهاج الفلسطيني)). مقدمة للمشاركة في المؤتمر العلمي الاولٌ لكلية التربية– جامعة الاقصى. غزة –فلسطين. ص ٢

پێداویستی و ئارەزووی فێرخواز لە خۆدەگرن.[4] بەپێی ئاراستەی مودێرن بێت پرۆگرام بریتیە لە کۆمەڵێک شارەزایی پەروەردەیی کە قوتابخانە بۆ قوتابیەکان ئامادەی دەکات بەمەبەستی هاوکاریکردنیان لە گەشەی هەمەلایەنەدا (ئەقلی، ڕوشنبیری، کۆمەڵایەتی، جەستەیی، دەروونی و هونەری) گەشەیەک کە ڕەفتاریان هەموار دەکات و کاردەکات بەمەبەستی بەدیهێنانی ئامانجە پەروەردەییە بانگەشە بۆ کراوەکان.[5]

پرۆگرامەکانی خوێندنی کلاسیکی کۆمەڵێک کەموکوڕیان هەیە کە دەتوانین ئاماژە بە هەندێکیان بکەین.

- دوورخستنەوەی هەموو چالاکییەک لە دەرەوەی پۆلەکان، کە دەشێ بەشداربن لە پەرەپێدانی تواناکانی قوتابی و متمانەبەخۆبوونی زیادبکات، هەروەها هەوکاربێت لە بەدەستهێنانی شێوازەکانی بیرکردنەوەی زانستی.
- جەختکردنەوەی پرۆگرام لە سەر زانیاری، قوتابی دەکاتە بوونەوەرێکی پاسیڤ، ڕۆڵی ئەو کورتدەکاتەوە لە ئەزبەرکردنی ئەو زانیارییانەی کە لە کتێبەکانی قوتابخانەدا هەن.
- کورتکردنەوەی فێربوون لە کتێبی قوتابخانەدا، بەو مانایە دێت کە کتێبی قوتابخانە دەبێتە تاکە سەرچاوەی زانین و سەرچاوەکانی دیکەی فێربوون وەلاوەدەنرێن.
- بڕواکردنی مامۆستا بەوەی کاری ئەو لە گەیاندنی ئەو زانیارییانەدا کورت دەبێتەوە کە لە کتێبەکانی قوتابخانەدا هەن.
- ڕەچاونەکردنی جیاوازییە تاکەکسییەکان، پرۆگرام بەیەک شێوە موخاتەبەی هەموو قوتابیەکان دەکات.[6]

لە چەمکی نوێی پەروەردە و فێرکردندا پرۆگرامی خوێندن لە کتێبی قوتابخانەدا کورتناکرێتەوە. کتێبی قوتابخانە بەشێکە لە پرۆگرامی خوێندن و بە خۆی گشت پرۆگرام نییە.[7] ناوەڕۆکی کتێبی قوتابخانە کە ئەویش کۆمەڵێک پێوەری تێدا ڕەچاودەکرێت بە یەکێک لە توخمەکانی پرۆگرامی خوێندن دادەنرێت. توخمێکی دیکەی گرنگ چالاکییە فێرکارییەکانن، کە مەبەست لیی ئەو هەوڵە ئەقڵی و جەستەیەیە کە مامۆستا دەیدات بۆ ئەوەی بگەینێت بە قوتابی. ئەمە وێڕای ئەوەی کە کەرەستە فێرکارییەکانیش توخمێکی گرنگی دیکەن بۆ سەرکەوتنی پرۆسەی خوێندن، بەوەی لە پول و دەرەوەی پۆل مامۆستا سوود لە کۆمەڵێک کەرەستە وەردەگرێت بۆ گەیاندنی پەیامە فێرکارییەکەی.[8]

کتێبی خوێندن وەکو هەر کتێبێکی دیکە نییە کە بە پێی زەوقی خوێنەر بێت، مەبەستێکی تایبەتی لە پشت دانانی هەیە و بەپێی چەند فاکتەرێک دیاریدەکرێت کە لە هیچ کتێبێکی دیکەدا بوونیان نییە، دانانی ئەو کتێبە ملکەچی دەسەڵاتی بەڕێوەبردنە و هەر ئەویشە ناوەڕۆکی کتێبەکە و سروشتەکەی دیاری دەکات. کتێبەکانی قوتابخانە جۆراوجۆرو پسپۆڕین لە بوارە جیاجیاکاندا، ناوەڕۆکیان بەپێی پلانێکی دیراسەکراو و هەروەها بەجۆرێک کە بگونجێت لەگەڵ فەلسەفە

[4] جودت أحمد سعادة وعبدالله إبراهيم، المصدر السابق، ص 12

[5] موسى، فؤاد محمد (٢٠٠٢) المنهاج مفهومها اسسها، عناصرها تنظيماتها، عامر للطباعة والنشر: المنصورة. ص ٣١

[6] باهمام، ايمان سعيد احمد (٢٠٠٩) دور المنهج الدراسي في النظام التربوي الاسلامي في مواجهة تحديات العصر. بحث لنيل درجة الماجستير في التربية الاسلامية، كلية التربية- جامعة ام القرى. ص ٢٩-٣٠

[7] النصار، صالح بن عبدالعزيز (٢٠٠٦) استراتيجيات قراءة الكتب المدرسية. ورقة مقدمة الى ملتقى الكتاب المدرسي السعودي اصالة والتجديد. ص ٢ متوفر على *educationrc.ksu.edu.sa/download/file/fid/24*

[8] بشير، معاذ نظمي (٢٠٠٩) تحليل محتوى الكتب التربية الوطنية و تقويمها للصفوف الخامس السادس السابع من وجهة نظر معلمي و معلمات محافظات شمال الضفة الغربية. رسالة لنيل درجة الماجستير في المناهج و طرق التدريس. كلية الدراسات العليا- جامعة النجاح الوطنية. نابلس.

و بەهاکانی کۆمەڵگا، هەڵدەبژێردرێت.[9]

بایەخی گەورەی کتێبی قوتابخانە لەوەدایە کە سەرچاوەی یەکەم یاخود تاکانەیە بۆ مەعریفەی فەرمی و ئامرازێکی سەرەکی فێربوونە لە زۆربەی وڵاتانی جیهان. ئامارەکان پیشاندەدەن کتێبی قوتابخانە بە رێژەی ٧٥ تاکو ٩٠ لە سەدی ناوەڕۆکی پروگرامی خوێندن پێکدەهێنن.[10] هەروەها دەکرێ بایەخەکەی لە برِی ئەو شوێنەوار و لێهاتوویيە رەفتارييانەدا ببينين کە لە سەر قوتابیان جێدەهێڵێت، هەروەها ئەو گۆڕانەکاری و گەشەیەی لە قوتابیدا دروستی دەکات کە دواجار بەرهەمی ئەم پرۆسەیە بۆ هەموو خەڵکی دەبێت.[11] هەرخودی ئەو کتێبانەش لە بەهێزترین هۆکارەکانی پێکهێنەری مێنتالیتی فێرخوازن و بە سەرچاوەی پەرەپێدانی تواناو بەهرە و شارەزاییەکانی فێرخواز دادەنرێن.[12] هەر لە بەر ئەوەشە لە ئامادەکردن و دانانی ناوەڕۆکی پرۆگرامی خوێندندا پێویستە تا ئەوپەڕی ورد بین تاکو وەڵامدەرەوەی ئەو پێداویستیانە بێت کە لە گۆڕانکارییە خێراکانی زانستی، تەکنۆلۆجی، ئابووری و کۆمەڵایەتی سەرچاوە دەگرن. لەو رووەوە کە ئامانجی پەروەردە و فێرکردن تێگەیاندنی قوتابیانە لە بابەت و پروگرامەکانی خوێندن، هەروەها لەو رووەوە کە تێگەیشتن دەرککردنی بابەتەکانی خوێندن پەیوەندییەکی راستەوخۆی لەگەڵ چالاکییەکانی قوتابیان هەیە لە پرۆسەی فێرکردندا، بۆیە ناوەڕۆکی پرۆگرامەکانی خوێندن دەبێت بەجۆرێک دابڕێژرێن و بنووسرێنەوە کە قوتابیان ناچار بە چالاکی نواندن و فێرکاران مژوولی دەقەکان بکات.[13]

پروگرامی خوێندن لەگەڵ گۆڕانکارییەکانی سەردەم پێویستە گەشەی پێ بدرێت. گەشەپێدانی پروگرامەکانی خوێدندنیش لە میانەی دوو پرۆسەدا بە ئەنجام دەگات. یەکەم: هێنانی پرۆگرامێکی نوێیە یاخود بونیادنانی پروگرامێک بۆ پۆلێکی خوێندن یان قۆناغێکی دیاریکراو کە پێشتر نەبووە. دووەم: باشترکردنی پرۆگرامی هەنووکەیی و نوێکردنەوە و هەموارکردنەوەی کە بگونجێت لەگەڵ بارودۆخ و گۆڕانکارییەکان و ببێتە هۆی بەدیهێنانی ئامانجەکان. لێرەشدا مەبەست دووبارە چاوخشاندنەوەیە بە ئامانجەکانی پرۆگرامەکان، ناوەڕۆک و شێوازەکانی وانەگوتنەوەو چالاکییەکان و هۆکارەکانی فێرکردن و هەڵسەنگاندن و زیادکردن یاخود کەمکردن یان هەردووکیان پێکەوە. بە کورتییەکەی هەموارکردن نەک هێنانی پرۆگرامێکی نوێ کە پێشتر نەبووە.[14]

بۆیە پرۆگرامەکانی خوێندنی پەروەردەی ئیسلامی پێویستی بەردەوامیان بە پەرەپێدان هەیە بەشێوەیەک لەگەڵ پێداویستی سەردەم و فێرخوازان بگونجێن و جەخت لە گەیاندنی مەعریفەی گونجاوی ئاینی بکەنەوە . ناوەرۆک و ئامانجی پەروەردەی ئیسلامی دەبێت بەمەبەستی چاککردن و گۆرین بێت بەرەو باشتر. لەبەرئەوە گرینگە پرۆگرامی پەروەردەی ئیسلامی لەژێر رۆشنایی تیۆرە هاوچەرخە پەروەردەییەکان دابرێژرێت تاکو لەگەل پێداویستی و گۆرانکارییەکانی سەردەم

---

[9] السرابي، سهام محمد الحاج علي (٢٠١٠) صورة المراة في الكتب المدرسية الاردنية، مجلة جامعة دمشق، مجلد ٢١، عدد ١ و ٢ ، ص ٤٦٥

[10] ابتهاج، صالح، الياس ميسال الشويري (٢٠١٤) موقع القيم التسامح في المناهج التعليمية الرسمية المطبقة في لبنان. المنظمة العربية لضمان الجودة في التعليم. المؤتمر السنوي السادس. ١٠-١٢ دسمبر. سلطنة عمان http://educolfg.uodiyala.edu.iq/uploads/PDF/Oman%20Conf%20Researches.pdf

[11] بشير، معاذ نظمي (٢٠٠٩) ص ٥

[12] مجموعة باحثين (2008) المناهج في ضوء حركات الاصلاح التجديدية ،الاسكندرية،،ص54

[13] پیروانی‌نیا، پگاه ،پونه پیروانی‌نیا (٢٠٠٩) تحلیل محتوای کتب درسی دوره پیش دانشگاهی از نظر میزان توجه به قرآن و مفاهیم قرآنی. مطالعات قرآن و حدیث. شمارة اول /پاییز و زمستان ، سال سوم، صص ١٦٩-١٨٩. ١٧١

[14] عبدالسلام، مصطفى عبدالسلام (٢٠٠٦) تطوير مناهج التعليم لتلبية متطلبات التنمية ومواجهة تحديات العولمة، المؤتمر العلمي الاول لكلية التربية النوعية، جامعة المنصورة، ١٢-١٣ ابريل، ص ٢٨٦

بگونجێت.[15]

**توێژینەوەکانی پێشوو**

توێژینەوەیەکی یەکجار زۆر لە بارەی پرۆگرامەکانی خوێندنەوە ئەنجامدراون، چونکە پرۆگرامی خوێندن کە بەردی بناغەی رەوتی پەروەردە و فێرکردنە ناکرێ ئەو بایەخە پێویستەی پێنەدرێ. هەروەها ئەو توێژینەوانە هەموویان بەجۆرێک لە جۆرەکان رۆڵیان هەبووە لە پێشخستن و گەشەپێدانی ئەو پرۆگرامانە. لەم توێژینەوەیەدا ئێمە تەنیا بایەخ بەو توێژینەوانە دەدەین کە لەبارەی پرۆگرامی پەروەردەی ئیسلامییەوە ئەنجامدراون، ئەوانیش زیاتر لە کۆمەڵگا ئیسلامییەکان و بەتایبەتیش لە وڵاتانی عەرەبی و ئێران.

عباس قەلتاش، موسلم سالحی و معسومێ ساریخانی فەرد لە توێژینەوەیەکدا لەبارەی رادەی بایەخدان بە باڵاپۆشی و داوێنپاکی لە کتێبی ((ئایین و ژیان))ی قۆناغی ناوەندی، هەوڵیانداوە لەوە بکۆڵنەوە کە لەو کتێبەدا چەندە بایەخ بەو بابەتە دراوە. بۆ ئەو مەبەستە پەنایان بۆ دوو میتۆد بردووە: یەکەم، میتۆدی شیکاری ناوەڕۆک، کە بۆ پروگرامی خوێندنی کتێبی ئایین و ژیان لە پولەکانی یەکەم، دووەم و سێیەمی ناوەندی هەروەها کتێبی رێنمایی مامۆستا (دەق و وێنەکان)، دووەم میتۆدی رووپێوی کۆمەڵایەتی، کە پرسیارنامەیەکیان بەسەر ١٥٠ قوتابی کچ دا دابەشکردووە. لە ئەنجامەکاندا دەرکەوت کە لە کتێبی رێنمایی مامۆستا و کتێبەکانی خوێندن (کتێبی ئایین و ژیان لە پولەکانی یەکەم، دووەم و سێیەمی ناوەندی) بایەخ بە گوتەزاکانی باڵاپۆشی و داوێنپاکی دراوە، لە وێنەکان دا زیاتر لە دەقیش بایەخی پێ دراوە.[16]

ئەعزەم سەمیعی و مریەم ئەفزەل خانی لە توێژینەوەی شیکاری ناوەڕۆکی کتێبی دیارییەکانی ئاسمانی پۆلی شەشەمی سەرەتایی لە سالی خوێندنی ٢٠١٢- ٢٠١٣ لە رووی ئەکتیڤی و پاسیڤی لەسەر بنچینەی میتۆدی ویلیام رۆمی. ئامانج لە توێژینەوەکە شیکاری ناوەرۆکی کتێبی دیارییەکانی ئاسمانە لە پۆلی شەشەمی سەرەتایی (دەق، پرسیار و وێنە). ئەنجامەکان پیشاندەدەن کە دەقەکان لەو کتێبەدا، دەقی ناچالاک و پاسیڤن، بەوەی تەنیا خستنەڕووی فاکت و زانارییەکانە، بەڵام ئەو کتێبە لە خستنەڕووی پرسیارەکان کە لە کۆتایی وانەکان یان بەشەکاندان، ئەکتیڤە و بوار دەرەخسێنێت بۆ فێربوونێکی چالاک. سەبارەت بە وێنەکانی ناو کتێبەکە، دەردەکەوێت کە وێنەکانیش بەهەمان شێوەی دەقەکان ناچالاک و پاسیڤن و بوار بۆ ئەکتیڤ بوون ناڕەخسێنن.[17]

هەیام ئەحمەد مەحمود توێژینەوەیەکی ئەنجامداوە بە ناوونیشانی ئاستی لەخۆگرتنی ناوەرۆکی پەروەردەی ئیسلامیی قۆناغی دواناوەندی بۆ پرسەکانی فیقهی واقیع. ئامانجی توێژەر ئامادەکردنی لیستێکە بە گرنگترین ئەو پرسانەی فیقهی واقیع کە پێویستە لە کتێبی پەروەردەی ئیسلامیدا بوونیان هەبێت، هەروەها گەڕان بەدوای ئاستی بەردەستبوونی ئەو پرسانە لە کتێبەکانی پەروەردەی ئیسلامیی قۆناغی دواناوەندی، وێڕای وەستان لەسەر ئەو خاڵەی کە بایەخی خوێندنی

---

[15] الشبول، اسماء، ناصر الخوالدة (2014) تحليل محتوى كتب التربية الاسلامية للمرحلة الثانوية في الاردن في ضوء نظرية الذكاءات. المجلة الاردنية في العلوم التربوية ،مج 10، عدد 3، عمان، ص293

[16] قلتاش. عباس، موسلم صالحی و معصومه ساریخانی فرد (٢٠١٢)، بررسی میزان توجه به حجاب و عفاف در کتاب دین و زندگی متوسطه، اموزش معارف اسلامی، دوره ٢٥، شماره ٢، صص ٣٩-٤٤

[17] سمیعی. اعظم، مریم افضل خانی (٢٠١٣)، تحلیل محتوای کتاب هدیه‌های اسمانی پایه‌ی ششم ابتدایی از منظر فعال و غیر فعال بودن بر اساس روش ویلیام رومی در سال تحصیل ٢٠١٢-٢٠١٣. پژوهشهای برنامه درسی، دوره دوم، شماره‌ی دوم، صص ١١٩-١٣٦

پرسەکانی فیقهی واقیع بۆ قوتابیان چییە لە روانگەی مامۆستاکانەوە.

بۆ ئەم مەبەستە توێژەر پەنای بردووە بۆ شیکاری ناوەڕۆکی کتێبەکان و دواتریش رووپێوی کۆمەڵایەتی و وەرگرتنی نموونەیەک لە مامۆستاکان. توێژەر بە چەند ئەنجامێک دەگات، لەوانەش: ئامادەکردنی لیستێک بۆ پرسەکانی فیقهی واقیع کە ئەو لیستە ١٣٠ پرس لە خۆی دەگرێت و بەسەر دە بواری سەرەکیدا دابەشکراوە. یەکێک لە ئەنجامەکانی دیکە ئەوەیە کە زۆر لە پرسەکان سەرپێیانە لە کتێبەکاندا باسکراون. لە روانگەی مامۆستاکانیشەوە، بواری سیاسەت، ئابووری و سەربازی پلەی یەکەمی هەیە لە رووی بایەخەوە کە پێویستە قوتابیان بیخوێنن، دواتریش بواری پەرستنەکان و دوای ئەویش بواری کاروباری کەسی دێت.[18]

سەید مەنسور مەرعەشی، سەید جەلال هاشمی و ئەعزەم موقیمی گەسک توێژینەوەیەکیان ئەنجامدا بەناوی شیکاری ناوەڕۆکی کتێبەکانی بخوێنینەوەو بنووسین و دیارییەکانی ئاسمانی قۆناغی سەرەتایی بە پێی پێوەرەکانی پرۆگرامی خوێندنی ((فەلسەفە بۆ منداڵان)). توێژەرەکان لە کتێبەکانی بخوێنینەوەو بنووسین و دیارییەکانی ئاسمانیان کۆڵیەوە لە روانگەی بایەخدان بە گوتەزاکانی فێرکردنی فەلسەفە بۆ منداڵان. دەرکەوت لە گشت کتێبەکاندا پێکەوە ٩٨٦ گوتەزای پەیوەست بە چەمکەکانی بیرکردنەوەی فەلسەفی دۆزراونەتەوە. ئەنجامەکان پیشانیاندا کەوا لەو کتێبانەی توێژینەوەیان لەسەر کراوە، گوتەزاکانی بەڵگەهێنانەوە (استدلال) زۆرترین دووبارەبوونەوەیان هەبوو، کەمترین بایەخیش بە گوتەزاکانی دادوەری دراوە. هەروەها گوتەزاکانی بیرکردنەوەی فەلسەفی لە کتێبی دیارییەکانی ئاسماندا کەمترین بایەخی پێدراوە بە بەراورد بە کتێبەکانی دیکە.[19]

ئەسما ئەلشبول و ناسر ئەلخوالدە توێژینەوەیەکیان ئەنجامداوە لە ساڵی ٢٠١٤ بەناوی شیکاری ناوەڕۆکی کتێبەکانی پەروەردەی ئیسلامی بۆ قۆناغەکانی دواناوەندی لە ئوردن لە ژێر رۆشنایی تیۆری زیرەکییەکان. ئامانجی توێژینەوەکە دەرخستنی پلەی تەرخانکردن و دابەشکردن و هاوسەنگی ئاماژەکانی زیرەکییە جۆراوجۆرەکانە لە کتێبەکانی پەروەردەی ئیسلامی قۆناغی دواناوەندیدا کە خۆی لە یەکەکانی شیکردنەوە (چالاکی و پرسیارەکان) دا دەبینێتەوە. بەبەکارهێنانی میتۆدی وەسفی شیکاری- رێبازی شیکاری ناوەڕۆک. نموونەی توێژینەوەکە کتێبەکانی پەروەردەی ئسلامیی قۆناغی دواناوەندیبوون، کە ژمارەی چالاکییەکان بریتیبوون لە ٧٧٥ چالاکی و ژمارەی پرسیارەکان ٣٦٠٠ پرسیار بوون.

دەرکەوت تەرخانکردنی هەردوو جۆری زیرەکی (زمانەوانی لەفزی و لۆجیکی ماتماتیکی) لە کتێبەکانی پەروەردەی ئیسلامی قۆناغی دواناوەندی زیاتر لە پێشبینیە. بەڵام زیرەکیەکانی دیکە (کەسی خودی، کۆمەڵایەتی ژینگەی کەسایەتی، جەستەی جولەیی، شوێنی بینینی و ژینگەی سروشتی) کەمتر لە پێشبینی بوون. دابەشبوونەکە بە جۆرێکە کە هاوسەنگییەکە تێکدەدات، سەرەرای تەرخانکردنی زیرەکی ئیقاعی موسیقی.[20]

شەریف عەلی حەمادە توێژینەوەکی ئەنجامداوە بەناوی (بەسوودبوونی ناوەڕۆکی کتێبەکانی پەروەردەی ئیسلامی قۆناغی بنەڕەتیی باڵا لە فەلەستین لە ژێر رۆشنایی پێوەرەکانی بەسوودبوونی ناوەڕۆک و رێکخستنی. توێژەر ویستی لە بەسوودبوونی ناوەڕۆکی کتێبی پەروەردەی ئیسلامی لە پۆلەکانی حەفتەم، هەشتەم و نۆیەم لە فەلەستین بکۆڵێتەوە.

---

[18] حمد، هيام احمد (٢٠١١) مدى تضمن محتوى التربية الاسلامية للمرحلة الثانوية لقضايا فقه الواقع ، غزة: جامعة الاسلامية

[19] مرعشى. سيد منصور، سيد جلال هاشمى، اعضم مقيمى گسک (٢٠١٢) تحليل محتواى كتابهاى درسى بخوانيم و بنڤيسم و هديەهاى اسمان دوره ابتدايى بر اساس معيارهاى برنامه درسى فلسفه براى كودكان، تفكر كودک، سال سوم، شماره اول، پژوهشگاه علوم انسانى و مطالعات فرهنگى، صص ٦٩-٨٩

[20] الشبول. اسماء، ناصر الخوالدة(٢٠١٤) تحليل المحتوى الكتب التربية الاسلامية لمرحلة الثانوية في الاردن في ضوءنظرية الذكاءات، مجلد ١٠، عدد ٣، مجلة الاردنية في العلوم التربية، صص ٢٩٣-٣-٤

هەر بۆ ئەو مەبەستە، پرسیارنامەیەکیشی بەسەر مامۆستایانی ئەو وانەیەدا دابەش کرد. دەرکەوت هەرسێ کتێبەکە ناوەندی بوون لە بەسوودبوونی ڕێکخستن و ناوەڕۆک.[21]

**کتێبی پەروەردەی ئیسلامی**

ئەم کتێبە کە ئێمە توێژینەوەی لەسەر دەکەین لە ١٢ بەرگ پێکهاتووە و لە ١٢ پۆل دەخوێنرێت (قۆناغی بنەڕەتی و ئامادەیی) چاپی یەکەمی لە ٢٠١٥ کراوە. ئەم کتێبە لەلایەن بەڕێوبەرایەتیی گشتی پرۆگرام و چاپەمەنی ئامادەکراوە و لە چاپ دراوە. ئێمە لەم توێژینەوەیەدا تەنیا قۆناغی بنەڕەتی وەردەگرین، بۆیە تێبینیەکانمان تایبەتن بە پرۆگرامی پەروەردەی ئیسلامی لەو قۆناغەدا.

کتێبەکە بە قەبارەی گەورە چاپکراوە. لە ڕووی فۆنت، دیزاین و ڕەنگەوە کتێبێکی سەرنجراکێشە و قوتابی لێی بێزار نابێت. لە ناوەوە فۆنتی ڕەنگاو ڕەنگ و وێنەی زۆرە. بەشێک لە وانەکان چیرۆکی ئایینین و زۆر وانەی دیکەش لە شێوەی چیرۆکدا باسکراون، کە شێوازێکی سەرنجراکێشە بۆ قوتابی. لە ڕووی درێژی و پانییەوە (قەبارە)، هەمان قەبارەیان هەیە. لە ڕووی ژمارەی وانەو لاپەرەوە بێگومان هەمان قەبارەیان نییە، بەپێی پۆلەکان ژمارەی لاپەرەکان کەم و زیادیان کردووە. وەک لە خشتەی (١) دا دیارە.

خشتەی (١) ژمارەی وانەو لاپەرەکانی کتێبی پەروەردەی ئیسلامی دەخاتەڕوو بەپێی پۆلەکان

| پۆل | ژمارەی وانە | ژمارەی لاپەرە |
|---|---|---|
| یەکەم | ١٧ | ٥٠ |
| دووەم | ١٧ | ٤٤ |
| سێیەم | ١٣ | ٣٢ |
| چوارەم | ١٤ | ٣٦ |
| پێنجەم | ١٧ | ٤٨ |
| شەشەم | ١٧ | ٤٦ |
| حەوتەم | ٣٠ | ٩٦ |
| هەشتەم | ٢٧ | ٩٦ |
| نۆیەم | ١٩ | ٩٨ |
| کۆی گشتی | ١٧١ | ٥٤٦ |

یەکێک لە تێبینیەکان سەبارەت بەو کتێبە ئەوەیە کە وانەو لاپەرەکان لە هەر کتێبێکدا بەپێی تواناکانی قوتابیان دانەنراوە. بۆ نموونە کتێبی پەروەردەی ئیسلامی پۆلی یەکەمی بنەڕەتی لەڕووی ژمارەی وانەوە یەکسانە لەگەڵ کتێبی پەروەردەی ئیسلامی پۆلەکانی پێنجەم و شەشەمی بنەڕەتی و لە ڕووی لاپەرەوەش ژمارەی لاپەرەکانی زیاترە. ئەگەر پاساو ئەوەبێت کە فۆنتی کتێبی پۆلی یەکەم گەورەترە، ئەوا لە ڕووی قەبارەی فۆنتەوە جیاوازییەک نییە لە نێوان کتێبی

[21] *حماد، شريف علي (٢٠١١)* جودة محتوى كتب التربية الإسلامية للمرحلة الأساسية العليا بفلسطين في ضوء معايير جودة المحتوى وتنظيمه، مجلة البحوث والدراسات التربوية الفلسطينية، العدد الثامن عشر متوفر على http://www.qou.edu/arabic/researchProgram/researchersPages/sharifHammad/r13_drSharifHammad.pdf

پۆلی دووەم لەگەڵ کتێبی پۆلەکانی پێنجەم و شەشەم، بەڵام ژمارەی وانەکانیان یەکسانەو ژمارەی لاپەرەکانیشیان جیاوازییەکی وای نییە. هەروەها کتێبی پۆلی دووەم لە رووی ژمارەی وانە و ژمارەی لاپەرەوە بە شێوەیەکی بەرچاو گەورەترە لە هەردوو کتێبی پۆلەکانی سێیەم و چوارەم، لە کاتێکدا منداڵ توانای لە پۆلی دووەمدا کەمترە تاکو لە پۆلی سێیەم و چوارەم.

یەکێک لە تێبینیەکانی دیکە ئەوەیە سۆرەتەکانی قورئان کە بە زمانی عەرەبین و قوتابی لە پۆلەکانی سەرەتا زۆر زەحمەتە بتوانێت تێیان بگات یان ئەزبەریان بکات، کەچی سوورەتەکان (وەک لە وێنەی -٨- تیشکیان خرایتە سەر) لە کتێبی پۆلەکانی سەرەتا ئامادەییان هەیەو لە کتێبی پۆلەکانی دواتر بەتایبەتی حەفتەم، هەشتەم و نۆیەم بە هیچ شیوەیەک بوونیان نییە.

خالێکی دیکە کە دەتوانین ئاماژەی پێ بکەین ئەوەیە کە هەوڵدراوە ئەو کتێبە بەدەر بێت لە توندوتیژی، تەنیا لە چەند شوێنێکی کەم نەبێت (کە لە پەنجەی دەستێک کەمترن لە کۆی زیاتر لە ١٧٠ وانە) بەدەرە لە توندوتیژی و هەروەها باسی دۆزەخ و سزادانی تێدا نییە کە ببێتە هۆی ترساندنی منداڵ.

خالێک کە جێگەی سەرنجە ئەوەیە کە هەندێک بابەت لە پەروەردەی ئیسلامیدا گرنگن بەڵام لەو کتێبەدا بەهیچ شێوەیەک بەلایدا نەچوون وەک بالآپۆشی کە هیچ وانەیەکی بۆ تەرخاننەکراوە. یان لە بواری پەرستندا ئیسلام زۆر بایەخی بە پاڕانەوە داوە، بەڵام لەم پرۆگرامەدا پارانەوە هیچ بایەخێکی پێ نەدراوە. لەبەرامبەردا بابەتێکی وەکو بانگخوازی کە ئەوە نەکاری منداڵە و نە پێویستە بۆ منداڵ باس بکرێت لە کتێبی پۆلی حەفتەم وانەی یەکەم و دووەم بۆ ئەو مەبەستە تەرخانکراوە.

پێویستە ناوەڕۆکی کتێبی قوتابخانە یەکگرتوو و هاوبەندی لە نێوان بابەت و بەشەکانیدا هەبێت و چوون لە بابەتێکەوە بۆ بابەتێکی دیکە یان لە بیرۆکەیەکەوە بۆ بیرۆکەیەکی دیکە سروشتی دەرکەوێت نەک لە پڕێک بێت، ریزبەندی هەبێت و یەکێک ئەوی دیکە تەواو بکات، دابران لە نێوان بابەتەکاندا نەبێت، بۆ ئەوەی وێنەکە بۆ منداڵ روون بێت.[22] ئەو خالە لە کتێبی پەروەردەی ئیسلامیدا فەراموش کراوە و دابرانێکی تەواو لە نێوان بابەتەکاندا هەیە، لە وانەیەکەوە کە تایبەتە بە باوەڕ یەکسەر دەچێتە سەر بابەتێک کە پەیوەستە بە بەهایەکی کۆمەڵایەتی، یان لە چیرۆکی ئاینیەوە یەکسەر دەچێتە سەر بابەتێک کە پەیوەستە بە ژیانی گشتی.

خاڵێکی دیکە کە دەکرێ لە روانگەی تیۆری ویلیام رۆمییەوە لێی بڕوانین. ئەویش ئەوەیە کە ئایا ناوەڕۆکی ئەو کتێبە ئەکتیڤە و قوتابی هاندەدات بۆ فێربوون یان ناوەڕۆکێکی پاسیڤی هەیە و کاریگەرییەکی ئەوتووی لەسەر قوتابی نییە. ویلیام رۆمی بۆ ئەو مەبەستە هاوکێشەیەکی ماتماتیکی بەکاردەهێنێت بە پشت بەستن بە فاکتۆرێک. بۆ زانینی ئەکتیڤی یان پاسیڤی ناوەڕۆکی هەر کتێبێک پشت بە دەقەکان (رستەی ناو دەقەکان)، وێنەکان و پرسیارەکان دەبەستێت.[23] هەر دەقێک بە رێژەیەکی زیاتر یان کەمتر لە ٣٠-٧٠% پشتی بە خستنەڕووی فاکت و زانیاری بەستبێت، ئەوا دەقێکی پاسیڤە، بە پێچەوانەشەوە. سەبارەت بە وێنەکان ئەگەر وێنەکان بۆ روونکردنەوە و ئەنجامدانی راهێنان بەکارنەیەن، ئەوا وێنەکانیش پاسیڤ دەبن. ئەو پرسیارانە ئەکتیڤن کە وەڵامەکانیان قوتابی بە ئاسانی لە دەقەکەدا

---

[22] الجيلالي، حسان ولوحيدي فوزي (٢٠١٤) اهمية الكتاب المدرسي في العملية التربوية، مجلة الدراسات والبحوث الاجتماعية -جامعة الوادي، العدد 90 ديسمبر، صص ١٩٤-٢١٠

[23] Moghadam, Saedeh Sargolzaei, Iraje Jamali Nasab (2014)The Analysis Enabled First Physics Book of Secondary Education Content by William Romey Method. nternational Journal of Science and Engineering Investigations. vol. 3, issue 27, April. Pp 28-36
Mergo, Tolessa (2012) THE EXTENT TO WHICH THE CHEMISTRY TEXTBOOK OF GRADE 11 IS APPROPRIATE FOR LEARNER-CENTERED APPROACH. vol 2. Issue 3. Pp93-95

نەبینێتەوە، واتە هەر پرسیارێک ئەگەر راستەوخۆ وەڵامی لەناو دەقدا بدۆزرێتەوە ئەوا پرسیارێکی پاسیڤە. هێندەی سەرنجم لە ناوەڕۆک، وێنەو پرسیارەکانی ئەو پرۆگرامە دابێت، پرۆگرامی پەروەردەی ئیسلامی پرۆگرامێک پاسیڤە و ئەکتیڤ نییە، ئەوەش بە پێی تیۆری ویلیام رۆمی.

**میتۆدۆلۆجیا و داتا**

لەم توێژینەوەیەدا سوود لە میتۆدی شیکاری ناوەڕۆک وەرگیراوە. کارڵ وایت شیکاری ناوەڕۆک پێناسە دەکات بەوەی هەوڵێکی سیستەماتیک و چەندایەتی رەفتارە سیمبولیکەکانە.[24] ئاری و هاوکارانی شیکاری ناوەڕۆک بە میتۆدێک لەقەلەم دەدەن کە بۆ روونکردنەوە یان دەستنیشانکردنی تایبەتمەندییەکانی کەرەستەی نووسراو یان بینراو بەکاردێت.[25] هەروەها نیومان شیکاری ناوەڕۆک بە تەکنیکێک ناودەبات بۆ کۆکردنەوە و شیکاری ناوەڕۆکی دەق. ناوەڕۆک ئاماژەیە بە وشە، وێنە، سیمبۆل، مانا و بیرۆکە. ناوەڕۆک دەقی هەر شتێکی نووسراو، بینراو یان گوتاری کە وەک هەڵگرێک بۆ راگەیاندن کاردەکات، هەروەها کتێب، وتاری رۆژنامە یان گۆڤار، رێکلام، وتووێژ، دیکۆمێنتی کارگێڕی، فیلم، کاسێتی ڤیدیو، گورانی، وێنە، نووسینی سەر جل و بەرگ یان بەرهەمی هونەری دەگرێتەوە.[26] ئەم میتۆدە لە توێژینەوەکانی زانستە رەفتارییەکان بەتایبەتی دەروونناسی و زانستە پەروەردەییەکان توێژینەوەکانی پەیوەست بە ناوەڕۆکی کتێبەکانی قوتابخانە بەکاردێت.[27] بەسەرنجدان لە گرنگی کتێبەکانی قوتابخانە لە گواستنەوەی ناوەڕۆکی فێربوون، دەتوانین سوود لە تەکنیکی شیکاری ناوەڕۆک وەرگرین بۆ توێژینەوە لە گونجانی ناوەڕۆکەکە لەگەڵ ئامانجەکانی پرۆگرامەکە.[28]

بەوەی میتۆدی شیکاری ناوەرۆک یەکێکە لە میتۆدە بەسوودەکان لە بواری هەڵسەنگاندنی پروگرامەکانی خوێندن، بەکارهێنانی لەم توێژینەوەیەدا بەمەبەستی شیکاری ناوەڕۆکی کتێبەکانی پەروەردەی ئیسلامی لە قۆناغی بنەڕەتی بەکارهات. هەروەها ئەوەش لە بیر نەکەین کە ئەم میتۆدە لە سەرەتای سەدەی بیستەوە لە یەکەمین دانیشتنی کۆمەڵەی کۆمەڵناسانی ئەلمانیا (١٩١٠) ماکس ڤێبەر پێشنیاریکرد سوود لەم میتۆدە وەرگیرێت لە توێژینەوەکانی تایبەت بە رۆژنامەکان.[29] هارۆڵد لاسوێل کە یەکێکە لە دامەزرێنەرانی میتۆدی شیکاری ناوەڕۆک، یەکەمین کەسە کە بەکاریهێناوە لە شیکردنەوەی ناوەڕۆکی پرۆپاگەندەی ئەو وڵاتانەی لە شەری یەکەمی جیهانیدا بەشدارییان کردبوو لە ساڵی ١٩١٥.[30]

لەم توێژینەوەیەدا سوود لە میتۆدی شیکاری ناوەرۆک وەرگیراوە بۆ زانینی چەندییەتی دووبارەبوونەوەی بابەتە جیاوازەکان لە کتێبی پەروەردەی ئیسلامیدا، و دەستنیشانکردنی ئەو بابەتانەی کە جێگەی بایەخی دانەرانی پرۆگرامەکە

---

[24] ازکیا، مصطفی، علی رضا دربان استانه (٢٠٠٣)، روشهای کاربردی تحقیق، انتشارات کیهان، جلد اول، تهران، ص ٣٨٩

[25] معروفی، یحیی، محمد رضا یوسف زاده (٢٠١٠) تحلیل محتوا در علوم انسانی: راهنمای عملی تحلیل کتابهای درسی، ویراست دوم، سپهره دانش، تهران، ص ٢٥

[26] نیومن، ولیام لاورنس، (٢٠١١) شیوەهای پژوهش اجتماعی رویکردهای کیفی و کمی، برگردان حسن دانائی فرد و سید عسین کاظمی، مهربان نشر، جلد دوم، تهران، ص ١٧٧

[27] سرمد، زهره، عباس بازرگان، الهه حجازی (٢٠٠٤)، روشهای تحقیق در علوم رفتاری، نشر اگه، چاپ ١٣، تهران، ص ١٣٢

[28] ایران نژاد، پریسا، سیمین رونقی (٢٠٠٧)تحلیل محتوای کتابهای درسی دوره ابتدایی، نشر سرافراز، تهران، ص ١٦

[29] نیومەن ١٧٧

[30] صانعی، سید حسن (٢٠١٢) تجزیه و تحلیل کاربردی محتوا، نشر همه، تهران، ص ٩

بووە. هەروەها بۆ زانینی ئەوەی کە ئەو پرۆگرامە تەواکەری یەکترە و لە پۆلێکەوە بۆ پۆلێکی دیکە یەکتر تەواو دەکات یاخود وەک کتێبی جیاواز و دابڕاو لە یەکتر تەماشاکراوە. لەلایەکی دیکەشەوە بە دەستنیشانکردنی چڕی و زۆری بابەتەکان لە کتێبی هەر پۆلێکدا هەوڵدراوە ئەوە بزانرێت کە ئایا هەم چڕی و زۆری بابەتەکان هەمیش جۆری بابەتەکان لە هەر پۆلێکدا لەگەڵ تواناکانی قوتابیانی ئەو پۆلەدا دێنەوە.

کۆمەڵگای ئەم توێژینەوەیە بریتیە لە هەر نۆ بەرگی کتێبی پەروەردەی ئیسلامی قۆناغی بنەڕەتی لە هەرێمی کوردستان، واتە کتێبی پەروەردەی ئیسلامی هەموو پولەکانی قۆناغی بنەڕەتی لە یەکەمەوە تا نۆیەم. لەم توێژینەوەیەدا گشت کۆمەڵگایەکە وەک نموونەی توێژینەوە وەرگیراوە.

## خستنەڕووی داتا

### ١- دابەشبوونی بابەتەکان

خشتەی (٢) جۆری بابەتەکان و دووبارەبوونەوەیان لە کتێبی پەروەردەی ئیسلامی قۆناغی بنەڕەتی ڕووندەکاتەوە


| بابەتەکان | دووبارەبوونەوە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| خەسڵەتەکانی مرۆڤ | 1 | 0.6 |
| خەسڵەتی یارانی پێغمبەر | 1 | 0.6 |
| ئەرکی ئایینی | 2 | 1.1 |
| دوای مردن | 2 | 1.1 |
| ئاکار | 4 | 2.2 |
| ناوەکانی خوا | 5 | 2.8 |
| حەلال و حەرام | 5 | 2.8 |
| ئایین گشتی | 5 | 2.8 |
| ژیانی پێغمبەر | 6 | 3.3 |
| سورەت | 13 | 7.2 |
| تقوسی ئایینی | 17 | 9.4 |
| بابەتی گشتی | 19 | 10.6 |
| بەها کۆمەڵایەتییەکان | 21 | 11.7 |
| ژیانی ڕۆژانە | 25 | 13.9 |
| چیرۆکی ئایینی | 26 | 14.4 |
| باوەڕ | 28 | 15.6 |
| کۆی گشتی | 180 | 100 |

هەروەکو لە خشتەی (٢)دا دیارە باوەڕ زۆرترین پانتایی لەم پرۆگرامەی خوێندندا داگیر کردووە، بەوەی ١٥,٦%

بابەتەکان تایبەتن بە باوەڕەوە. چیرۆکە ئایینیەکان، کە یان لەبارەی کەسایەتییەکی ئیسلامیەوەن یاخود سەربردەیەکی ئایینی دەگێڕنەوە بە دووەم بابەت دێت لە رووی زۆر دووبارەبوونەوە لەم پروگرامەی پەروەردەی ئیسلامیدا، بە رێژەی ١٤,٤%. دوای ئەوە، ئەو بابەتانە دێن کە پەیوەندیان بە ژیانی رۆژانەوە هەیە (١٣,٩%)، ئەمانەش ئەو بابەتانەن کە پەیوەندیان بە رێکخستنی ژیانی رۆژانەی تاکەکانەوە هەیە واتە ژیانی کۆمەلایەتی و هەروەها رەفتارو هەڵسوکەوتی تاکەکانیش. دوای ژیانی رۆژانە بەها کۆمەلایەتییەکان دێن کە ئەوانیش بە رێژەی ١١,٧% دووبارە بوونەتەوە، لەم وانانەی تایبەت بە بەهاکان جەخت لەسەر کۆمەڵێک بەهای کۆمەلایەتی کراوەتەوە کە ئیسلام وەک بەهای باڵای ناساندوون. هەروەها بابەتە گشتییەکان کە مەرج نییە پەیوەندییەکی راستەوخۆیان بە ئیسلام یان ئایینەوە هەبێت، بەڵام بەڕێژەیەکی بەرچاو خزێنراونەتە ناو ئەم پروگرامەوە، کە بە رێژەی ١٠,٦% ئامادەییان هەیە. دوای بابەتە گشتییەکان ریتوال و تقوسە ئایینیەکان دێن (ئەوەی لە ئیسلامدا بە پەرستن ناویان دەبرێت) وەکو نوێژ، رۆژوو، زەکات و حەج ...، ئەم بابەتەش بە رێژەی ٩,٤% ئامادەیی هەیە لەو پروگرامەی خوێندنی پەروەردەی ئیسلامیدا. سۆرەتەکانی قورئان بە رێژەی ٧,٢% ئامادەییان هەیە. جگە لەم بابەتانەی لەسەرەوە ئاماژەیان پێدرا کۆمەڵێک بابەتی دیکە هەن وەک ئەوەی لە خشتەکەدا ئاماژەیان پێکراوە لە نێوان ٣% و ٠,٦% دووبارە بوونەتەوە وەک بابەتەکانی ژیانی پێغمبەر، حەلال و حەرام، ناوەکانی خواو ... هتد.

### ٢- باوەڕ

مەبەست لەبابەتەکانی پەیوەست بە باور، هەموو ئەو بابەتانەن کە بریتین لە باوەڕ بە خوا، پێغمبەرەکان، قورئان و کتێبە ئاسمانیەکان، پشت بەستن بە خوا، و هەر بابەتێک کە مەبەست لێی گرنگی باوەڕ یان پێویستی باوەرێ تێدا بەرجەستەکرابێت.





وەک لە وێنەی ژمارە (1)دا دیارە، بابەتەکانی تایبەت بە باوەر لە پروگرامی پەروەردەی ئیسلامیدا بە شێوەیەکی هاوسەنگ بەسەر پولەکاندا دابەش نەکراوە. دەبینین زۆرترین بابەت لە کتێبی پولی یەکەمدا هاتوون کو (٩) بابەتە، کە

دەکاتە ٣٢%، واتە کتێبی پەروەردەی ئیسلامی پۆلی یەک یەک لەسەر سێی هەموو ئەو بابەتانەی پەیوەندیان بە باوەڕەوە هەیە لەخۆ دەگرێت لە کۆی ٩ کتێب. لە هەر یەکێک لە کتێبی پەروەردەی ئیسلامی پۆلەکانی دووەم، چوارەم و پێنجەمدا تەنیا دوو بابەت هەیە، لە پۆلی سێیەمدا هیچ بابەتێک بەرچاو ناکەوێت، لە پۆلی شەشەمدا تەنیا یەک بابەت و لە پۆلەکانی حەوتەم هشتەم و نۆیەم ژمارەی بابەتەکان زیادتر دەبنەوە بم شێوەیە: پۆلی حەفتەم ٥ بابەت، پۆلی هەشتەم ٣ بابەت و پۆلی نۆیەم ٤ بابەت.

### ٣- چیرۆکی ئایینی

چیرۆکی ئایینی لەم توێژینەوەیەدا هەموو ئەو چیرۆکانە دەگرێتەوە کە مەبەست لە گێڕانەوەیان تیشک خستنە سەر ژیانی کەسایەتییەکی ئایینی یان ڕووداوێکە لە ڕابردوودا کە ڕەهەندێکی ئایینی هەیە.

ئەوەی جێگەی سەرنجە ئەوەیە کە لەم کتێبەدا (پەروەردەی ئیسلامی) پانتاییەکی فرەوان دراوەتە چیرۆک، کە ئەمەش بە خالێکی پۆزەتیڤی ئەو پروگرامە دادەنرێت. لەم کتێبەدا دوو جۆر چیرۆک هەن: یەکەمیان ئەوەیە کەناومان ناوە چیرۆکی ئایینی و ئەوانیش ئە چیرۆکانەن کە تایبەتن بە ژیانی پێغەمبەر و یارەکانی یان پێغەمبەرانی دیکە، یاخود باس لە ڕووداو مێژووییەکانی ئایینی دەکەن وەک کردنەوەی مەککە و چیرۆکی فیل... بەڵام جۆری دووەمی چیرۆک کە مەبەست لێی تیشک خستنە سەر بەهایەکە یان بۆ ڕێکخستنی ژیانی ڕۆژانە دەگێڕدرێتەوە لە جۆری چیرۆکی ئایینی پۆلینمان نەکردووە و لە شوێنی دیکە ئاماژەمان پێکردووە لە پەیوەندیدا بە بابەتەکە.





چیرۆکە ئایینیەکانیش بە شێوەیەکی ڕێکخراو و یەکسان بەسەر بەشەکاندا دابەش نەکراون لە کتێبی پولێکی دیاریکراودا پانتاییەکای زۆری پێدراوە وەک پولی هەشتەم کە حەوت چیرۆکی ئایینی لەو کتێبەدا هەیە و لە کتێبی پولێکی دیکەدا تەنیا یەک چیرۆک هەیە وەک پولی دووەم و پۆلی چوارەم، لە کاتێکدا لە کتێبی پەروەردەی ئیسلامی پولی یەکەمدا، هیچ چیرۆکێکی لەو جۆە بوونی نییە. لە کتێبی پولەکانی پێنجەم و شەشەم، هەریەکێکیان سێ چیرۆکی لەو شێوەیە لە خۆ دەگرن، لە کتێبی پولی حەفتەم ژمارەیان بۆتە چوار و لە کتێبی پولی نویەمدا ژمارەیان بۆتە پێنج. ئەوەی تێبینی

دەکرێت بە پێی ساڵەکان ئەو چیرۆکانە زیاتر جێگەیان بۆ کراوەتەوە، بە جۆرێک چیرۆکە ئایینیەکانی پۆلەکانی حەوتەم و هەشتەم و نۆیەم ٦٠% کۆی چیرۆکەکانی ئەو نۆ ساڵە پێکدەهێنن.

**٤- بەها کۆمەڵایەتییەکان**

ئەو بەهایانە دەگرێتەوە کە ئیسلام جەختیان لەسەر دەکاتەوە و هانی موسلمانان دەدات لە ژیانی رۆژانەیاندا پیادەیان بکەن. لە کتێبی پەروەردەی ئیسلامیدا ژمارەیەکی بەرچاوی ئەو بەهایانە بەرچاودەکەون، کە یان راستەوخۆ وەک بابەت خراونەتە روو یان لە چیرۆکێکدا ئاماژەیان پێکراوە. وەک بەهاکانی رێزگرتن، راستگویی، پاکوخاوێنی، دڵسۆزی، هاوکاری، میهرەبانی... بەڵام ئەوەی جێگەی سەرنجە بەرچاوخستنی ئەو بەهایانەیە لە کتێبی پەروەردەی ئیسلامی پولە جیاوازەکان بە رێژەی ناهاوسەنگ لە لایەک و زۆر بایەخدان بەهەندێک بەها و کەم بایەخدان بە هەندێک بەهای دیکە، کە پێدەچێت هۆکارەکە بایەخی ئەو بەهایانە نەبێت کە زۆرتر بایەخیان پێدراوە و کەم بایەخی ئەو بەهایانەش نەبێت کە کەمتر بایەخیان پێ دراوە، بەڵکو هۆکارەکە بۆ هۆکاری دیکە بگەرێتەوە لە بێئاگایی لێژنەکان لە ناوەرۆکی هەر کتێبێک بۆ خۆی یان هۆکاری کەمی کات و بەسەردانەچوونەوە یان تەماشانەکردنی کۆی پرۆگرامەکە وەک یەک پروگرامی تەواوکەر. ئەو بەهایانەی کە زۆر بایەخیان پێدراوە بە پلەی یەکەم هاوکاری، دوای ئەو رێزگرتن، پاکوخاوێنی و میهرەبانی.





وەک لە وێنەی (٣)دا دیارە زیاتر بەها کۆمەڵایەتییەکان لە کتێبی پەروەردەی ئیسلامی پۆلەکانی یەکەم، دووەم و سێیەمدا هاتوون، ب جۆرێک لە کتێبی پولی یەکەم شەش وانە تایبەتکراوە بە بەهاکان کە زۆرتین جەخت کردنەوە لەسەر بەهاکان لە کتێبی ئەم پولەدایە، بۆ کتێبی پولەکانی دووەم و سێیەمیش هەریەکێکیان چوار وانە تەرخانکراون. بەڵام راستەوخۆ لە زۆر بایەخپێدانە لە پولەکانی یەکەم تا سێیەم، لە کتێبی پولەکانی چوارەم و پێنجەم تەنانەت یەک وانەش بۆ ئەو مەبەستە تەرخاننەکراوە، واتە لەو دوو کتێبەدا بابەتی بەهاکان بەتەواوی ونە، بەهەمان شێوە لە کتێبی پولی نۆیەمیش هیچ وانەیەک تایبەت نەکراوە بە بەها کۆمەڵایەتییەکان. لە کتێبی پولەکانی شەشەم و حەفتەم و هەشتەمدا چەند وانەیەک تایبەتکراون بە بەها کۆمەڵایەتییەکان، لە پۆلەکانی شەشەم و حەفتەم دوو وانە بە دوو وانە و لە کتێبی پولی هەشتەمیشدا سێ وانە.

**٥- ژیانی رۆژانە**

مەبەست لە ژیانی رۆژانە هەموو ئەو بابەتانە دەگرێتەوە کە رۆژانە دووبارەدەبنەوە و، زیاتریش ئەو بابەتانەن کە ئیسلام جەختیان لەسەر دەکاتەوە بۆ رێکخستنی ژیانی کۆمەڵایەتی. کتێبی پەروەردەی ئیسلامی زۆر لەو بابەتانە لە خۆی دەگرێت، بابەتەکانی وەک سڵاوکردن، رێورەسمی سەردان، رێورەسمی نانخواردن، دراوسێیەتی، هاندانی فێربوون و چەندین بابەتی دیکە. ئەوەی شایانی ئاماژەیە ئەوەیە کە هیچ کتێبێکی پەروەردەی ئیسلامی تاکو پولی نۆیەمی بنەرەتی نییە کە ئەو بابەتانەی لە خۆ نەگرتبێت. هەروەها لە هیچ کتێبێکی هیچ پولێکیش بە رێژەیەکی زۆر باس نەکراوە وەک ئەوەی لە بابەتەکانی پێشووتردا ئاماژەی پێکرا، واتە هاوسەنگییەکی زیاتر لەو بابەتەدا دەبینین لە دابەشبوونی بەسەر پۆلە جیاوازەکاندا.


وێنەی (٤) دابەشبوونی بابەتەکانی پەیوەست بە ژیانی رۆژانە لە پرۆگرامی پەروەردەی ئیسلامیدا رووندەکاتەوە




لە هەر یەکێک لە کتێبی پولەکانی یەکەم دوو وانە و پۆلی دووەم و نۆیەم یەک وانە تەرخانکراوە بۆ ئەو بابەتانە ، لە کتێبی پولەکانی سێیەم، حەفتەم و هەشتەم هەر یەکێکیان سێ وانە و لە کتێبی پولەکانی چوارەم ، پێنجەم و شەشەم هەریەکێکیان چوار وانە تەرخانکراون.

### ٦- ژیانی گشتی

لەم توێژینەوەیەدا کۆمەڵێک بابەت لە ژێر ناوی ژیانی گشتی دانراون، لە راستیدا ئەو بابەتانەی لێرەدا جێگەیان کراوەتەوە بۆ دوو دەستەی سەرەکی دەتوانین پولێنیان بکەین: یەکەم، ئەو بابەتانەی تەواو گشتین و رەنگە پێویست نەبێت لەناو ئەم کتێبەدا جێگەیان بکرێتەوە چونکە لە کتێبەکانی دیکەش وەک وانەی کوردی یان خوێندنەوەی عەرەبی یان زانست دەکرێ جێگەیان بکرێتەوە وەک پاراستنی موڵکی گشتی، کشتوکاڵ، پێکەوەژیان، خۆپاراستن لە مین... دووەم: ئەو بابەتانەن کە هەم گشتین هەمیش دەکرێ رەهەندێکی ئایینیان هەبێت یان بەرگێکی ئایینی بکرێتە بەریان وەک دەمارگیری، تۆرەبوون، مافی رێگا ...





وەک لە وێنەی (٥) دا دیارە، لە پولی یەکەم تا شەشەم کە مترین بابەتی وای تێدایە کە ئێمە لە ژێر ناوی بابەتی گشتی پولینمان کردووە، بە جۆرێک کە تەنیا نزیکەی ٢٠% ئەو وانانە دەکەونە ناو کتێبی ئەو شەش پۆلە. هەروەها شایانی ئاماژەیە کە لە کتێبی پەروەردەی ئیسلامی پولەکانی یەکەم، چوارەم و پێنجەم هیچ وانەیەک بۆ ئەو بابەتانە تەرخان نەکراوە. لێرەدا خالێک هەیە کە پێویستە ئاماژەی پێ بکەین لە کتێبی پەروەردەی ئیسلامی پولی یەکەم لە نێوان هەردوو وانەی حەفتەم و هەشتەم چەند لاپەرەیەک بۆ ئەو بابەتانە تەرخانکراون (نیشانەکانی مین، نیشانەی دەستکرد و هێمای دەستکرد) بەڵام ناچنە ناو چوارچێوەی هیچ وانەیەک. شتی لەو جۆرەش لە هیچ کتێبێکی دیکەی پەروەردەی ئیسلامی لەو نۆ پولەدا دووبارە نەبووتەوە، واتە حاڵەتێکی دەگمەنە. لە بەرامبەردا، زۆرترین ئەو بابەتانە لە ناو کتێبی پولەکانی حەفتەم، هەشتەم و نۆیەمدا چربوونەتەوە، بەتایبەتیش کتێبی پۆلی نۆیەم کە زیاتر لە ٤٠% وانەکانی تایبەت بە بابەتی گشتی لە کتێبی پەروەردەی ئیسلامی ئەو ساڵەدایە، نزیکەی ٤٠% وانەکانی دیکەی تایبەت بە بابەتە گشتییەکان لە کتێبەکانی هەردوو پولی حەفتەم و هەشتەمدان.

٧- پەرستن


مەبەست لە پەرستن یان عیبادەت جێبەجێکردنی کۆمەڵێک ئەرکە لەبەرامبەر خوا وکو نوێژ، ڕۆژوو، حەج، زەکات، پاڕانەوە و دوعا... لە کتێبی پەروەردەی ئیسلامیدا زۆر کەمتر لە بابەتەکانی دیکە بایەخ پەرستن دراوە.

لە پولی یەکەم هیچ ئاماژە بە پەرستن نەکراوە، تەنیا لە بابەتێکدا بە ناوی ئەستوونەکانی ئیسلام، پێنج ستوونەکە ژمێردراوە. لە پولی دووەمدا سێ وانە تەرخانکراوە بۆ تقوس و ڕیتوالە ئایینیەکان. لە پولەکانی دواتردا سێیەم، چوارەم، پێنجەم و شەشەم بە هیچ شێوەیەک ئاماژە بە پەرستنەکان. لە کتێبی پولی حەوت زۆرترین باس لە پەرستنەکان کراوە، بە جۆرێک کە زیاتر لە ٥٠% وانەکانی تایبەت بە پەرستنەکان لەم کتێبەدا خڕبوونەتەوە. دوای ئەویش کتێبی پولی هەشت دێت کە لەو کتێبەشدا لە کۆی ٢٨ وانە، سێ وانە بۆ پەرستنە ئایینییەکان تەرخانکراوە. داوجاریش کتێبی پولی نۆ دێت کە هاوشێوەی کتێبی پولی دووەم، دوو وانە تەرخانکراوە بۆ پەرستنە ئایینەکان.




**٨- ناوەکانی خوا**

خوا بەپێی ئایینی ئیسلام ٩٩ ناوی هەیە. لە کتێبی پەروەردەی ئیسلامیدا تا پولی نۆی بنەڕەتی هەوڵدراوە قوتابیان بە هەندێک لە ناوەکانی خوا ئاشنا بکەن، ئەویش لە پولەکانی دووەم، سێیەم، چوارەم ، پێنجەم و شەشەم. لە هەر یەکێک لە کتێبی پەروەردەی ئەو پولانە وانەیەک بۆ ئەو مەبەستە تەرخانکراوە. لە هەر یەکێک لەو وانانەدا ئاماژە بە پێنج ناوی خوا کراوە ، کە بە گشتی ئاماژە بە ٢٥ ناو کراوە، واتە یەک لەسەر چوار لە ناوەکانی خوا. لە کاتێکدا لە کتێبی پەروەردەی ئیسلامی پولەکانی یەکەم، حەوتەم، هەشتەم و نۆیەم هیچ وانەیەک بۆ ئەو مبەستە دیار نەکراوە.




٩- سورەتەکانی قورئان

سەبارەت بە قورئان کە گرنگترین سەرچاوەی تێگەیشتنی ئایینیە و وەکو یاسایەکی بنەڕەتییە بۆ موسلمانان، لە شێوەی سورەتدا ئامادەییەکی ئەوتوی لە کتێبی پەروەردەی ئیسلامیدا نییە. لە کتیبی پولی یەکەمدا هیچ سورەتێک بوونی نییە، هەروەها لە کتێبی پولەکانی حەفتەم تا نۆیەمیش بەهەمان شێوەی کتێبی پولی یەکەم هیچ سورەتێک ئامادەیی نییە.

لە کتێبی پولی پێنجەم دا، زۆرترین سورەت بوونی هەیە کە ژمارەیان چوار سورەتە. دوای ئەو لە کتێبی هەریەک لە پولەکانی شەشەم و سێیەمدا ، سێ سورەتی قورئان هەن، بەدوای ئەوانیش لە هەریەک لە کتێبی پولەکانی چوارەم و دووەمدا دوو سورەت هەن.

لە راستیدا بەو شێوە نارێک دابەشکردنەی سورەتەکان بەسەر کتێبی پەروەردەی ئیسلامی پولە جیاوازەکان لە قۆناغی بنەڕەتیدا هیچ روون نییە، و رەنگە قورس بێت پاساوی بۆ بهێنرێتەوە.




ئەنجامەکان

لە کۆتایی ئەم توێژینەوەیەدا پێویست دەکات ئەنجامەکان بخەینەڕوو لە پەیوەندیدا بە پرس و ئامانجەکان. کە گرنگترینیان ئەمانەن:

- پرۆگرامی پەروەردەی ئیسلامی ئەو رۆڵەی نەبینیوە کە قوتابی تێبگەیێنێت ئایین چییە و فەلسەفەکەی چییە و چ رۆڵێک دەبینێت لە ژیانی میللەتان. هەروەها چونکە لە ژێر ناوی پەروەردەی ئیسلامییە، تەنیا باسی ئایینی ئیسلام کراوە و خۆی پاراستووە لە باسکردنی ئایینەکانی دیکە (ئاسمانی و نائاسمانی).

- زۆربەی ئەو بابەتانەی لەو کتێبەدا باسکراون، رۆژانە قوتابی گوێبیستان دەبێت لە ماڵ، کۆلان و مزگەوت ... بۆیە گونجاوتر دەبوو ئەگەر هەولدرابا فەلسەفە و ئامانجی ئایین بە قوتابی بناسێنێت و کەم تا زۆر باس لە ئایینەکانی دیکەش کرابا، بەتایبەتی ئەو ئاینانەی لە کوردستان بوونیان هەیە.
- ئەو کتێبە فرە بابەتە لە بابەتە ئایینیە پەتییەکانەوە بگرە وەک باوەڕ و پەرستن تاکو ئەو بابەتانەی کە هیچ پەیوەندییەکی ئەوتۆی بە ئایینەوە نییە وەک بابەتەکانی خۆپاراستن لە مین، کشتوکاڵ و پاراستنی کەلوپەلی گشتی. وێڕای ئەو فرە بابەتییە، هەندێک لە بابەتەکان بایەخی زۆریان پێدراوە وەک ئەو بابەتانەی کە زۆر دووبارەبوونەتەوە، بابەتەکانی پەیوەست بە باوەڕ، چیرۆکی ئایینی، ژیانی رۆژانە و بەها کۆمەڵایەتییەکان
- وێڕای ئەوەی کە لە لایەن زۆر لە مامۆستاکان و لە بەشێکی قوتابخانەکاندا وەک وانەیەکی لاوەکی تەماشا دەکرێت هاوشێوەی هونەر و وەرزش، کتێبی پەروەردەی ئیسلامی بۆ خۆیشی ناوەڕۆکێکی بیکاریگەری هەیە و پاسیڤە، ئەوەش خۆی لەوەدا دەبینێتەوە کە دەقەکان ئاخێنراون لە راستی و زانیارییەکان، وێنەکان هیچ ئەرکی روونکردنەوە یان راهێنان نابینن و پرسیارەکان بەزۆری وەڵامەکانیان لەناو دەقەکاندا دەست دەکەوێت، کە ئەمەش نیشانەی ناوەڕۆکێکی نائەکتیڤە.
- کتێبەکە وەکو پرۆگرامێکی تەواوکەر دەرناکەوێت، بەڵکو وا دەردەکەوێت کە هەر کتێبێک بۆ خۆی نووسراوەتەوە، لێژنەی ئامادەکار یان پەلەیان بووە لە نووسینەوەی یان دەرفەتی زۆر راگۆڕینەوە و دانیشتنی نەبووە. کتێبەکە تاکێکی توندوتیژ بەرهەمناهێنێت، چونکە هەوڵنەدراوە بابەتگەلێک بخزێنرێتە ناو ناوەڕۆکەکەی کە هانی توندوتیژی بدەن یان نموونەی توندوتیژیان تێدابێت لەلایەک و هەروەها بەدەرە لە ترساندنی منالّ، چونکە باسەکانی سزا و دۆزەخ و ئاگر کەمترین ئامادەییان هەیە.
- ناهاوسەنگی لە باسکردنی بابەتەکان هەیە لە لایەک و ناهاوسەنگی لە ئامادەیی بابەتەکان لە هەر کتێبێکیشدا هەیە، واتە یەکێک لە بابەتەکان بۆ نموونە پەرستن لە کتێبی یەکێک لە پۆلەکان یان زیاتر زۆر بایەخی پێدراوە، لە بەرامبەردا لە کتێبی پۆلێکی دیکە یان زیاتر هیچ بایەخی پێ نەدراوە. لەلایەکی دیکەشەوە هەندێکات هەست دەکرێت رەچاوی توانای قوتابی و تەمەنەکی نەکراوە، بۆ نموونە سورەتەکانی قورئان کە قورسن بۆ منداڵی پۆلەکانی سەرەتا زیاتر لە کتێبی ئەو پۆلانەدا ئامادەییان هەیە و لە پۆلەکانی حەفتەم و هەشتەم و نۆیەمدا هیچ ئامادەییەکیان نییە کە زیاتر لەگەڵ توانای ئەو تەمەنەدا دێنەوە.

## پێشنیار

بە پێویست دەزانرێ لە کۆتایی توێژینەوەدا توێژەر چەند پێشنیارێک بخاتەڕوو بەمەبەستی چارەسەرکردنی کەموکوڕییەکان.

- توێژینەوەی زیاتر لە بارەی پرۆگرامی خوێندنی ئیسلامی بکرێت، بەوەی ئەو پرۆگرامە دەشێ کاریگەری زۆری هەبێت لەسەر قوتابی چونکە یەکێکە لەو وانانەی کە مەبەست لێی پەروەردەکردنە زیاتر لەوەی فێربوون بێت. هەروەها پیویستە لەبارەی بابەتی جیاواز و بە میتۆد و تەکنیکی جیاوازەوە ئەو توێژینەوانە ئەنجام بدرێن.
- پرۆگرامەکە هەموار بکرێتەوە و بە سیوەیەک بێت کە وەکو یەکەیەکی تەواوکەر دەرکەوێت.

- هەندێک لە بابەتەکان لابرێن کە خزمەتێکی ئەوتوو بە قوتابی ناکەن لەو تەمەنە وەکو وانەکانی تایبەت بە بانگخوازی (دەعوە) یان باسکردنی نوێژی مردوو و نوێژی خۆر گیران، لە جیاتی ئەوانە بابەتی دیکە زیاد بکرێن.
- لەبەر ئەوەی قوتابی لە دوازدە ساڵدا ئەو کتێبە دەخوێنێت دەشێ فرە رەنگ تر بێت و مەرج نییە هەر دوازە ساڵەکە پەروەردەی ئیسلامی بخوێنێت، دەکرێ یەکێک لە کتێبەکان ناساندنی ئایینەکان بێت بە گشتی، یەکێکی دیکە ئایناسی بێت، کتێبێکی دیکە باسی مێژووی ئایین بکات لە جیهان.

### سەرچاوەکان


- ابتهاج، صالح، الياس ميسال الشويري (٢٠١٤) موقع القيم التسامح في المناهج التعليمية الرسمية المطبقة في لبنان. المنظمة العربية لضمان الجودة في التعليم. المؤتمر السنوي السادس. ١٠-١٢ دسمبر. سلطنة عمان
- ازكيا، مصطفى، على رضا دربان استانه (٢٠٠٣)، روشهاى كاربردى تحقيق، انتشارات كيهان، جلد اول، تهران، ص ٣٨٩
- ايران نژاد، پريسا، سيمين رونقى (٢٠٠٧) تحليل محتواى كتابهاى درسى دوره ابتدايى، نشر سرافراز، تهران،
- باهمام، ايمان سعيد احمد (٢٠٠٩) ((دور المنهج الدراسي في النظام التربوي الاسلامي في مواجهة تحديات العصر. بحث لنيل درجة الماجستير في التربية الاسلامية، كلية التربية- جامعة ام القرى.
- بشير، معاذ نظمي (٢٠٠٩) تحليل محتوى الكتب التربية الوطنية و تقويمها للصفوف الخامس السادس السابع من وجهة نظر معلمي و معلمات محافظات شمال الضفة الغربية. رسالة لنيل درجة الماجستير في المناهج و طرق التدريس. كلية الدراسات العليا- جامعة النجاح الوطنية. نابلس.
- پيروانى‌نيا، پگاه ،پونه پيروانى‌نيا (٢٠٠٩) تحليل محتواي كتب درسى دوره پيش دانشگاهى از نظر ميزان توجه به قرآن و مفاهيم قرآنى. مطالعات قرآن و حديث. شمارة اول /پاييز و زمستان ، سال سوم، صص ١٦٩-١٨٩.
- الجيلالي، حسان ولوحيدي فوزي (٢٠١٤) اهمية الكتاب المدرسي في العملية التربوية، مجلة الدراسات والبحوث الاجتماعية -جامعة الوادي، العدد 90 ديسمبر، صص ١٩٤-٢١٠
- *حماد، شريف علي (٢٠١١) جودة محتوى كتب* التربية الإسلامية للمرحلة الأساسية العليا بفلسطين في ضوء معايير *جودة* المحتوى وتنظيمه، مجلة البحوث والدراسات التربوية الفلسطينية، العدد الثامن عشر متوفر على
  http://www.qou.edu/arabic/researchProgram/researchersPages/sharifHammad/r13_drSharifHammad.pdf
- حمد، هيام احمد (٢٠١١) مدى تضمن محتوى التربية الاسلامية للمرحلة الثانوية لقضايا فقه الواقع ، غزة: جامعة الاسلامية
- دياب، سهيل رزق (٢٠٠٦) ((تطوير اداة لقياس جودة الكتاب المدرسي و توضيفها في قياس جودة كتب المنهاج الفلسطيني)). مقدمة للمشاركة في المؤتمر العلمي الاوّل لكلية التربية- جامعة الاقصى. غزة – فلسطين
- السرابي، سهام محمد الحاج علي (٢٠١٠) صورة المراة في الكتب المدرسية الاردنية، مجلة جامعة دمشق، مجلد ٢١، عدد ١ و ٢
- سرمد، زهره، عباس بازرگان، الهه حجازى (٢٠٠٤)، روشهاى تحقيق در علوم رفتارى، نشر اگه، چاپ ١٣، تهران

- سعادة، جودت أحمد وعبدالله إبراهيم (2004) المنهج المدرسي المعاصر، دار الفكر، الطبعة الثانية، عمان، الأردن.
- سميعی. اعظم، مريم افضل خانی (٢٠١٣)، تحليل محتوای كتاب هديه‌های اسمانی پايه‌ی ششم ابتدايی از منظر فعال و غير فعال بودن بر اساس روش ويليام رومی در سال تحصيل ٢٠١٢-٢٠١٣. پژوهشهای برنامه درسی، دوره دوم، شماره‌ی دوم، صص ١١٩-١٣٦
- الشبول. اسماء، ناصر الخوالدة (٢٠١٤) تحليل المحتوى الكتب التربية الاسلامية لمرحلة الثانوية في الاردن في ضوءنظرية الذكاءات، مجلد ١٠، عدد ٣، مجلة الاردنية في العلوم التربية، صص ٢٩٣-٣-٤
- الشبول، اسماء، ناصر الخوالدة (2014) تحليل محتوى كتب التربية الاسلامية للمرحلة الثانوية في الاردن في ضوء نظرية الذكاءات. المجلة الاردنية في العلوم التربوية ،مج 10، عدد 3، عمان
- صانعی، سيد حسن (٢٠١٢) تجزيه و تحليل كاربردی محتوا، نشر همه، تهران
- عبدالسلام، مصطفى عبدالسلام (٢٠٠٦) تطوير مناهج التعليم لتلبية متطلبات التنمية ومواجهة تحديات العولمة، المؤتمر العلمي الاول لكلية التربية النوعية، جامعة المنصورة، ١٢-١٣ ابريل
- قلتاش. عباس، موسلم صالحی و معصومه ساريخانی فرد (٢٠١٢)، بررسی ميزان توجه به حجاب و عفاف در كتاب دين و زندگی متوسطه، اموزش معارف اسلامی، دوره ٢٥، شماره ٢
- مجموعة باحثين (2008) المناهج في ضوء حركات الاصلاح التجديدية ،الاسكندرية
- مرعشی. سيد منصور، سيد جلال هاشمی، اعضم مقيمی گسک (٢٠١٢) تحليل محتوای كتابهای درسی بخوانيم و بنڤيسم و هديه‌های اسمان دوره ابتدايی بر اساس معيارهای برنامه درسی فلسفه برای كودكان، تفكر كودک، سال سوم، شماره اول، پژوهشگاه علوم انسانی و مطالعات فرهنگی، صص ٦٩-٨٩
- معروفی، يحيی، محمد رضا يوسف زاده (٢٠١٠) تحليل محتوا در علوم انسانی: راهنمای عملی تحليل كتابهای درسی، ويراست دوم، سپهره دانش، تهران
- موسى، فؤاد محمد (٢٠٠٢) المنهاج مفهومها اسسها، عناصرها تنظيماتها، عامر للطباعة والنشر: المنصورة.
- النصار، صالح بن عبدالعزيز (٢٠٠٦) استراتيجيات قراءة الكتب المدرسية. ورقة مقدمة الى ملتقى الكتاب المدرسي السعودي اصالة والتجديد. متوفر على
  *educationrc.ksu.edu.sa/download/file/fid/24*
- نيومن، ولیام لاورنس، (٢٠١١) شيوه‌های پژوهش اجتماعی رويكردهای كيفی و كمی، برگردان حسن دانائی فرد و سيد عسين كاظمی، مهربان نشر، جلد دوم، تهران، ص ١٧٧
- Mergo, Tolessa (2012) THE EXTENT TO WHICH THE CHEMISTRY TEXTBOOK OF GRADE 11 IS APPROPRIATE FOR LEARNER-CENTERED APPROACH. vol 2. Issue 3.
- Moghadam, Saedeh Sargolzaei, Iraje Jamali Nasab (2014)The Analysis Enabled First Physics Book of Secondary Education Content by William Romey Method. nternational Journal of Science and Engineering Investigations. vol. 3, issue 27, April. Pp 28-36